**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێـراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ٢٥**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠/٦/٢٠٠٤**

پشت بە حوکمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی سالی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی ژمارە (٤٣)ی رۆژی (١٩/٦/٢٠٠٤)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەلاتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی سالی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسـای ژمـارە( ٢٥ )ی سـالی ٢٠٠٤
## یاسـای وەزارەتی ئاوەدانکـردنـەوەو نیشـتەجێکـردن
## لـە هـەرێمی کـوردسـتانی عێـراقـدا

**ماددەی یەکـەم:**

مەبەستی ئەم یاسایە لەم دەستەواژانەی خوارەوە، ماناکانی بەرمبەریانە:

١) **هەرێم:** هەرێمی کوردستانی –عێراق.
٢) **ئەنجومەنی وەزیران:** ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عیراق.
٣) **وەزارەت:** وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن.
٤) **وەزیر:** وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردنی هەرێم.
٥) **بریکـار:** جێگری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردنی هەرێم.

**ماددەی دووەم:**

**ئـەرك وفـرمـانی وەزارەت:**

١) پێشنیازکردنی پلانگەلی گشتیی سیاسەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن لە بوارگەلی نیشتەجێ کردن و بینایەو رێگاوبانی هەرێمدا(رێگاوبـانی هاتوچۆی خێراو پـردو تۆنێلیـشی لەگەلدا بێ).
٢) وەبەرکارخستنی سیاسەتی بریاردراوو، پێشنیازکردنی پلانی سالانەو قۆناغەپلان و قۆناغی دوورمەودا کە بۆ بەرکارخستنیان پێویستن.

ئـەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـوردستان
www.mojkurdistan.com

٣) ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە تایبەتەکان لە چوارچێوەی کەرتی وەزارەتەکەدا، هەروەها لێکۆڵینەوەی سوودی ئابووری وهونەریی ئەو پرۆژانەی کە لە چوارچێوەی پلانی وەزارەتدا پێشنیاز دەکرێن.

٤) دانانی هێلکارو بەرنامەی کاری پلانە تەسدیقکراوەکان وبەرکارخستنی پرۆژەکانیان بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەلایەن پێکهاتەکانی وەزارەتەوە، یان سپاردنیان بە بەڵێندەران.

٥) دانانی هێلکاری ئەو پرۆژانەی کە وەزارەت خۆی دەیانخاتە بەرکار، هەروەها دانانی هێڵکاری ئەو پرۆژانەش کە سەربە وەزارەتەکانی دیکەن لەسەر داواکردنی ئەو وەزارەتانە یان لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران.

٦) پاراستن و ئیدامەپێدانی رێگاوبانە گشتییەکان، بە رێگاکانی هاتوچۆی خێراییشەوە لە دەرەوەی سنووری شارەوانیەکان، هەروەها پاراستن و وەگەڕخستنی پێل و وێستگە میحوەرییەکانی کێش(الاوزان)و پردو تۆنێلەکان و زامنکردنی جیازی(الاپاپ) و پاسەوانی کردنیان.

٧) ئەو پرۆژانەش کە پێی دەسپێردرێن، لە رێگای دامودەزگا هێلکارو کارڕاپەڕاندنەکانی خۆیەوە بە ئەنجامیان دەگەیەنێ، یان دەیانسپێرێ بە بەڵێندەران.

٨) لەگەڵ ئەزموونداارانی بیانی یان لەگەڵ کۆمپانیاکان یان دەزگا پسپۆڕەکاندا گرێبەستی مۆر دەکات بۆ ئەوەی لە دایەرەکانی وەزارەتەکەدا ئیش بکەن، یان هەندێ کار تەواوبکەن کە پێی سپێردراوە، ئەویش بە رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران.

٩) پێشنیازکردنی پلانگەل و پرۆژەگەلی فراژووکاری(التنمویە)لە چوارچێوەی پلانە گشتییەکانی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردنداو، جێ بەجێ کردنیان بە تەنسیق لەگەڵ لایەن و وەزارەتە پێوەندیدارەکاندا.

١٠) ئامادەکردنی بوجەی ئاسایی ساڵانەو بوجەی پلانەکان و حساب و حسابکاری کۆتایی ساڵانەو، بەرزکردنەوەیان بۆ لایەنی پێوەندیدار بۆ تەسدیقکردنی. هەموو حساباتێکیشی ملکەچی دیوانی ریقابەی دارایی یە.

**ماددەی سێیەم:**

١) وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتەکەو، بەرپرسی یەکەمی بەرکارخستنی سیاسەتی وەزارەت و سەرپەرشتی بەجێ هێنانی یاساو پێڕۆو رێنماییەکانێتی. هەموو بڕیارو فەرمان و رێنماییەکیش لە چواچێوەی ئەرکی وەزارەت و پێکهاتەو سەلاحییات و کاروباری دیکەی ئیداری ودارایی و هونەرییدا، لە وەزیرەوە دەردەچێ و بۆیشی هەیە هەندێ لە سەلاحیاتی خۆیشی بەجێگری وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتییەکان یان هەر کەسێکی شیاوی دیکەی وەزارەتەکە بسپێرێ و، بەرامبەر بە ئەنجومەنی وەزیرانیش بەرپرسە چونکە خۆیشی ئەندامێکی هاوکاری ئەنجومەنەکەیە.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

٢) بريكـار ياريـدەی وەزيـر دەدات لـە سەرپەرشـتيی ئـيش وكـاری وەزارەت و ئـەو ئـەرك و فرمانەش دەگرێتە دەست كە وەزير پێی دەسپێرێ.

٣) **ناوەند( مركز )ی وەزارەت لەمانە پێك دێت:**

أ. **نووسـينگەی وەزيـر:** فرمانبـەرێ سـەرۆكايەتيی دەكـا بەپلـەی بەڕێوەبـەر كـە خـاوەن ئەزموون و لێهاتو بێت. ژمارەيێ فرمانبەر هاوكاريی دەكەن.

ب. **نووسـينگەی بريكـار:** فرمانبـەرێ سـەرۆكايەتيی دەكـاو چـەند فرمانبـەرێكيش هاوكـاريی دەكەن.

ج. **بەڕێوەبەرايەتی راگەياندن و پێوەنديكاری:** بە نووسينگەی وەزيرەوە پەيوەستە.

د. **بەڕێوەبەرايەتی ريقابەو تەدقيق:** بە وەزيرەوە پەيوەستە.

**ماددەی چوارەم:**

**بەڕێوەبەرايەتييەكانی ديوانی وەزارەت:**

١) بەڕێوەبەرايەتی گـشتيی ديـوان: فرمانبـەرێ بەپلـەی بەڕێوەبـەری گـشتی سـەرۆكايەتيی دەكـا بڕوانامــەی زانكــۆيی ســەرەتای هــەبێ و خــاوەن ئــەزموون و پــسپۆڕبێت و، ئــەم بەڕێوەبەرايەتييانەی خوارەوەشی پەيوەست دەبن:

أ. بەڕێوەبەرايەتی كاروباری ئيداری و ئەفراد.

ب. بەڕێوەبەرايەتی كاروباری دارايی.

ج. بەڕێوەبەرايەتی كاروباری خزمەتگوزاری و تەجهيزات.

٢) بەڕێوەبەرايەتی گشتيی پلاندانان و لێكۆڵينەوە: فرمانبەرێ بەپلـەی بەڕێوەبـەری گـشتی سەرۆكايەتيی دەكا بڕوانامەی زانكۆيی سەرەتای هەبێ و خاوەن ئەزموون و پـسپۆڕبێت. لـە ئامــادەكردن و پێــشنيازكردنی پلانــی ساڵبەســاڵ و پلانــی قۆنــاغ بــە قۆنــاغ و پلانگــەلی دوورمــەودادا بەشــداری دەكــاو، لێكۆڵينــەوەی پەيوەســت بــە چــالاكييەكانی وەزارەتــيش رادەپەڕێنێ.

٣) بەڕێوەبەرايــەتی بەدواداچــوون: بەڕێوەبــەرێ ســەرۆكايەتيی دەكــا، بڕوانامــەی زانكــۆيی سەرەتای هەبێ و خاوەن ئـەزموون و پـسپۆڕبێت. ژمارەيـێ فرمانبـەری خـاوەن ئـەزموون و لێهاتو لەبواری پسپۆڕيی خۆياندا هاوكاريی دەكەن. بەدواداچوون و ريقابەكردنی رەوشی كار لـە پێكهاتــەكانی وەزارەتــدا دەگرێتــە دەســت و راپۆرتگــەليش لەســەر چــالاكی و ســەويەی كارڕاپەڕاندن بۆ وەزير ئامادە دەكات و راوێژی خۆی لە بارەيانەوە پێشكەش دەكا.

ئــــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كــوردستان
www.mojkurdistan.com

٤) بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی: فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکا بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتای لە یاسادا هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕبێت. لە بەردەمی دادگاکان و ئەنجومەنگەل و هەیئەکاندا نوێنەریی وەزارەت دەکاو، لە بابەتگەلی یاسایی گرێبەستیدا راوێژ پێشکەش دەکات.

٥) بەڕێوەبەرایەتی کارگەکان و ئالاتەکان: فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکا بڕوانامەی زانکۆیی لە زانستەکانی ئەندازەی میکانیزم یان کارەباییدا هەبێ و خاوەن ئەزموون و لێهاتووش بێت.

**ماددەی پێنجەم:**

**پێکهاتەکانی وەزارەت:**

١) بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رێگاوبان و پردەکان: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتای لە زانستەکانی ئەندازەی مەدەنیدا هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕبێت و، بەڕێوەبەرایەتیەکانی رێگاوبان و پردی پارێزگاکانیشی پەیوەست دەبن.

٢) بەڕێوەبەرایەتی گشتیی نیشتەجێ کردن و بینایەکان: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتای لە زانستەکانی ئەندازەی مەدەنی یان بیناسازیدا هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕبێت و، بەڕێوەبەرایەتیەکانی نیشتەجێ کردن و بینایەکانی لە پارێزگاکانی هەرێمدا پەیوەست دەبن.

٣) بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتای لە زانستەکانی ئەندازەی مەدەنی یان بیناسازیدا هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕبێت و، بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی لە پارێزگاکانی هەرێمدا پەیوەست دەبن.

**ماددەی شەشەم:**

هەموو بەڕێوەبەرایەتی و پێکهاتەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو فراژوکاری(التنمیە)و وەزارەتی کارو نیشتەجێ کردن ئیلغا دەکرێن و کارمەندەکانیان بەسەر بەڕێوەبەرایەتی و پێکهاتەکانی ئەم وەزارەتەدا دابەش دەکرێن و، گشت ئیلتیزام و ماف و موڵکێکیان دەبن بەهی ئەم وەزارەتە.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی حەوتەم:**

١) وەزير بۆی هەيە كۆمپانياگەلی تەنفيزی و تەصميميی پسپۆڕ لە چوارچێوەی ئەركەكانی وەزارەتەكەدا پێك بهێنێ، لە پاش وەرگرتنی رەزامەندیی سەرۆكايەتيی ئەنجومەنی وەزيران.

٢) وەزير بۆی هەيە بەڕێوەبەرايەتی و بەش و هۆبەو يەكەگەلێ لە چوارچێوەی پێكهاتەكانی وەزارەتەكەدا، لەكاتی پێويستدا بكاتەوە يان تێكەڵيان بكات.

٣) وەزير بۆی هەيە بەپێی پێويست ليژنەو هەيئەی كاتی پێك بهێنێ.

٤) ئەرك وفرمان و ئيشە تايبەتەكانی پێكهاتەكانی وەزارەت بە پێڕۆ ديار دەكرێن.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزير بۆی هەيە رێنماييگەلی پێويست بۆ ساناكردنی بەركارخستنی حوكمەكانی ئەم ياسايە دەربهێنێ.

**ماددەی نۆيەم:**

پێويستە لەسەر ئەنجومەنی وەزيران حوكمەكانی ئەم ياسايە بخاتە بەركار.

**ماددەی دەيەم:**

ئەم ياسايە لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە (وەقايعی كوردستان)دا، دەخرێتە بەركار.

**د.رۆژ نـوری شاوەيس**
**سـەرۆكی ئە نجومەنی نيشتمانيی كوردستانی ـ عێـراق**

ئـــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com